# پێوەرە یاساییەکانی ڕێکلامە بازرگانییەکان

**ئالان بەهائەددین عەبدوڵڵا**، دکتۆرا لە یاسا – مامۆستا لە کۆلێژی یاسا/ زانکۆی سەڵاحەددین

**پێشەکی**

ڕۆژ دوای ڕۆژ لەگەڵ فراوانبوونی چوارچێوەی پرۆسەی وەبەرهێنان و بازرگانیکردن و بەرهەمهێنان لەسەر هەردوو ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی، هەروەها هەمەجۆربوونی کاڵا بەرهەمهاتووەکان و خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان، ڕێکلامی بازرگانی، گرنگییەکەی زیاتر بووە، چونکە لە ئێستادا بازرگانەکان زیاتر پێویستییان بە ڕێکلامکردن هەیە بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکانیان بە مەبەستی ساغکردنەوەیان و بەدەستهێنانی قازانج لەنێو بازاڕێکی پڕ لە کاڵا و خزمەتگوزاریی هەمەجۆر و پڕ لە بازرگانی بەتوانا، کە لە کێبڕکێی سەختدان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی بەکاربەرەکان کە خاوەن بیر و حەز و ئارەزوو و داواکاریی جیاوازن بەهۆی جیاوازیی شێوە و شێوازی ژیان لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا.

ئێستا، بازرگانەکان پەنا بۆ ڕێکلامکردن دەبەن بۆ زیادکردنی ڕێژە و قەبارەی فرۆشتن یان بەکارهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانیان و، ئامانجیانە لە ڕێی ڕێکلامەوە پەیوەندی بکەن بە زۆرترین ژمارەی بەکاربەران و بگەنە دوورترین خاڵی جوگرافی بۆ پیادەکردنی کاری بازرگانییان. هەر ئەم گرنگییەی ڕێکلامکردنیشە، بووەتە هۆی دروستکردنی قەناعەتێک لە هزر و مێشکی زۆربەی سەرمایەدارانی جیهان کە لە هەر 100 $ دۆلارێکی ئەمریکی کە بۆ وەبەرهێنان دیاری دەکەن، نزیکەی 85-99$ دۆلاری بۆ ڕێکلامکردن تەرخان بکەن!

لەبەر ئەوەی ڕێکلامی بازرگانی، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و دەستاودەستکردنی سەرمایە و ئابووریی وڵات و مافەکانی بەکاربەرەوە هەیە، بۆیە لە زۆربەی وڵاتان، بە عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە، بیر لە ڕێکخستنی ئەم کارە کراوە لە ڕێگەی دەرکردنی یاسای تایبەت بە ڕێکخستنی پرۆسەی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ڕێکلامە بازرگانییەکان و دانانی پێوەری گونجاو بۆ پاراستنی هەموو ئەو بەرژەوەندییە ڕەوایانەی کە بەم پرۆسەیەوە بەندن.

**ڕوونکردنەوەی مانای چەمکی "ڕێکلامی بازرگانی"**

ڕێکلامی بازرگانی ئامرازێکی بازاڕگەرمکردنە (الترويج) بۆ ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی کە بازرگانەکان مەبەستیانە بە بەکاربەرانی بفرۆشنەوە یان هانیان بدەن بۆ بەکارهێنانی و، ئەم پرۆسەیەیش لە چوارچێوەی ناردنی پەیامێکی ڕوونەوە دەبێت کە لە ڕێگەی ئامرازێکی ئەلیکترۆنی، یان دەزگەکانی ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی تری میدیاوە ئەنجام دەدرێت؛ جا چ پەیامێکی دەنگی یان ڤیدیۆیی یان نووسراو بێت، کە مەبەست لێی ناساندنی کاڵا یان خزمەتگوزارییەکی دیاریکراوە بەگشت بەکاربەران یاخود چینێکی

دیاریکراو لە بەکاربەران بۆ ئەوەی سەرنجیان ڕابکێشێت و کاریگەریی هەبێت لەسەر بڕیاری کڕین یان بەکارهێنانی بەکاربەران کە بە ئاراستەی کاڵا یان خزمەتگوزاریی دیاریکراو بێت.

لەم بارەیەوە یاسای ڕێکخستنی ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی (2019) لە بڕگە (حەوتەم) لە مادده (1)دا پێناسەی ڕێکلامی بازرگانیی کردووە و تیایدا هاتووە: "ڕێکلامی بازرگانی: خزمەتگوزارییەکە، لە ڕێی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و هەر شێوازێك لە شێوازەکانی ڕاگەیاندن و هۆیەکانی گواستنەوەی زەمینی و ئاوی و ئاسمانی لە ڕێگەی تابلۆ و دیوار و سکرین، بە ئامانجی ڕەواجدان بە کاڵا یان خزمەتگوزاری یان بەرهەم، بۆ مەبەستی هاندانی بەکاربەر بۆ کڕینی یان بەکارهێنانی."

زۆرن ئەو ئامانجانەی کەوا بازرگانەکان دەیانەوێت لە ڕێگەی ڕێکلامکردن بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکانیان بەدی بهێنن؛ گرنگترینی ئەو ئامانجانە بریتین لە: گۆڕینی بۆچوونی بەکاربەران سەبارەت بەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی کە قەناعەتیان بە کڕین یان بەکارهێنانی نییە بۆ ئەوەی ڕازی ببن بە کڕینیان یان بەکارهێنانیان و، ناساندنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بە بەکاربەران لە ڕێگەی پێدانی زانیاریی تەواو سەبارەت بە کواڵیتی و پێکهاتە و چۆنێتیی بەکارهێنان و ... و، دۆزینەوەی بازاڕی نوێ بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان و، بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەدەستهێنانی قازانج لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاست و ڕێژەی فرۆشتن یان بەکارهێنان و، دروستکردنی جۆرێک لە متمانە لە نێوان بەکاربەر و کاڵا و خزمەتگوزارییە دیاریکراوەکان، هەروەها جوانکردنی وێنەی پڕۆژە بازرگانییەکان لەنێو بازاڕی پڕ لە کێبڕکێدا و هتد.

## بەبازرگانی ناساندنی کاری ڕێکلام

کاری ڕێکلام پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و لە ئێستادا کۆمپانیا و دەزگەی تایبەتمەند هەن کە تەنیا بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵانە کاری ڕێکلام ئەنجام دەدەن. بێ گومان یاسادانەر پێشبینیی ئەم گرنگی و پێشکەوتنەی ڕێکلامە بازرگانییەکانی کردووە، بۆیە دەمێکە کاری ڕێکلام بە کارێکی بازرگانیی هەژمار کردووە. بە واتایەکی تر، ئەوەی کاری ڕێکلام ئەنجام بدات، سیفەتی بازرگان وەردەگرێت و هەموو ماف و ئەرکەکانی بازرگانی دەبێت، بێ گومان ئەمەیش پاڵپشت بە بڕگە (پێنجەم) لە مادده (5) لە یاسای بازرگانیی عێراقی ژمارە (30)ی ساڵی (1984)ە کە لە هەرێمی کوردستانیش تاوەکوو ئێستا بەرکارە. پاڵپشت بەم ماددەیە و مادده (7) لە هەمان یاسادا، هەر کەسێک، چ کەسێکی سروشتی (مرۆڤ) بێت یاخود کۆمپانیاکان، بە ناوی خۆی و بۆ بەرژەوەندیی خۆی کاری ڕێکلام بە شێوەیەکی بەردەوام پیادە بکات، ئەوا بە بازرگان هەژمار دەکرێت.

بۆیە لە ئێستادا کۆمپانیای تایبەتمەند دەبینرێت کە تەنیا کاری ڕێکلام بۆ کاڵا و خزمەتگوزاری و پڕۆژە بازرگانییەکان ئەنجام دەدات و لە زۆربەی یاساکانیش بە وشەی ڕێکلامکار (المعلن) ناو دەبرێن و، چەندان ئەرک و پابەندیی یاساییان لەسەر شانە کە دەبێ جێبەجێی بکەن و، پێوەیان پابەند بن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی و مافەکانی بەکاربەر.

## چوارچێوەی یاسایی کاری ڕێکلام لە هەرێمی کوردستان

ئەوەی لە هەرێمی کوردستان تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کەوا کاری ڕێکلام بە شێوەیەکی پەرتوبڵاو لە چەندان یاسا و ڕێنمایی ڕێک خراوە؛ وەک:

1. یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقی ژمارە (1)ی ساڵی (2010) کە لە هەرێمی کوردستان بەرکار کراوە بەپێی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2010).
2. یاسای ڕێکخستنی ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (4)ی ساڵی (2019)).
3. یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی (1969)، بەتایبەت هەردوو ماددەی (466-467).
4. یاسای کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرخکاری، ژمارە (3)ی ساڵی (2013).
5. ڕێنماییی تایبەت بە کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (2023) کە وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان دەری کردووە.

ئەم پەرتوبڵاوییەی دەقە یاساییەکانی تایبەت بە ڕێکخستنی کاری ڕێکلام، ڕەنگە هۆکاری سەرەکی بێت بۆ نەبوونی چاودێرییەکی تۆکمە لەسەر ئەو ڕێکلامە بازرگانییانەی کە لە هەرێمی کوردستان ئاراستەی بەکاربەرەکان دەکرێن کە ئاست و کواڵێتیی هەندێکیان یەکجار نزمە؛ چونکە بەپێی یاسای ڕێکخستنی ڕێکلامی بازرگانی، تەنیا وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەرپرسە لە ڕێکخستن و چاودێریکردنی ڕێکلامە بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستان، کەچی بەپێی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2010) ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر، بەرپرسە لە چاودێریکردنی ڕێکلامە بازرگانییەکان بە مەبەستی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان.

## کاری ڕێکلام لە یاسای ڕێکخستنی ڕێکلامی بازرگانی[1]

دەرکردنی ئەم یاسایە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ زیاتر ڕێکخستنی ڕێکلامە بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستان و، هەروەک لە هۆیەکانی دەرچوواندنی هاتووە کە ئەم یاسایە دەرکراوە لەبەر گرنگیی ڕێکخستنی ڕێکلامی بازرگانی بۆ خزمەتکردنی بەکاربەر و گەشەپێدانی ئابووری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی باشتر بە هاووڵاتیان و، دروستکردنی کێبڕکێی دروست بۆ بەبازاڕکردن و، کەمکردنەوەی لایەنە خراپ و زیانبەخشەکانی ڕێکلامە بازرگانییەکان.

دیارترین ئەو حوکمە یاساییانەی کە لەم یاسایەدا هاتووە و تێبینییەکانمان لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

1. بەپێی بڕگە (سێیەم) لە ماددە (1)ی ئەم یاسایە، مەبەست لە وشەی "وەزیر"، وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان ـ عێراقە. ئەوەی تێبینی دەکرێت کە لەنێو یاساکە هیچ ڕۆڵێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ وەزیر و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دیاری نەکراوە. بە هەمان شێوە هەندێ وشە پێناسە کراوە، کەچی لە یاساکە پێناسە نەکراوە، وەک هەردوو وشەی "هەرێم" و "حکوومەت".
2. بەپێی بڕگە (یەکەم) لە ماددە (2)، پێویستە هەموو ڕێکلامێکی بازرگانی مۆڵەتی لایەنی

پەیوەندیداری بە بەرهەمەکە هەبێت، پێش بڵاوکردنەوەی. کێشەی ئەو بڕگەیە ئەوەیە ڕوون نییە ئەو لایەنە پەیوەندیدارە کێیە؟ ئایا لایەنێکی فەرمییە یان نافەرمی؟ هەندێ بەرهەم هەیە سەر بە چەند لایەنێکە یان هەندێ بەرهەم ڕەنگە سەر بە هیچ لایەنێک نەبێت و ئەم حاڵەتە چۆن چارەسەر دەکرێت؟ ئایا میکانیزمی وەرگرتنی ئەو مۆڵەتە چۆنە؟ ئەمە جگە لەوەی وەرگرتنی مۆڵەت لە چەند لایەنێکی جیاجیا، ئەرکی سەرشانی ڕێکلامکار گرانتر دەکات و خێرایی پرۆسەکە کەمتر دەکاتەوە و لێکەوتەی نێگەتیڤی لەسەر چۆنێتیی چاودێریکردنی ڕێکلامەکان دەبێت.

3. هەندێ دەستەواژە زۆر گرنگن، کەچی لە یاساکەدا پێناسە نەکراون و ئاماژەیان بۆ نەکراوە؛ بۆ نموونە: ڕێکلامکار کێیە؟ ڕێکلام ئاراستەی کێ دەکرێت؟ ڕێکلامی چەواشەکار کامانەن؟ و هتد.

4. بەپێی بڕگە (دووەم) لە مادده (2)، پێویستە پەیامی ڕێکلامی بازرگانی، ڕاستگۆیانە و ڕوون و ڕەوان بێت. ئەگەرچی ئەمە پابەندبوونێکی یاساییە بەڵام هەمووومان ئەوە دەزانین کە ڕێکلامکار هەموو ڕاستییەکان نادرکێنێت یاخود لایەنی نێگەتیڤی بەرهەمەکە نیشان نادات، بۆیە پێویستە پێوەر هەبێت بۆ ئەوەی نەدرکاندنی ڕەوا و ناڕەوا لە یەکتر جیا بکرێتەوە و بەڕوونی دیار بکرێت کامەن ئەو زانیارییانەی کە کاریگەرییان دەبێت لەسەر بڕیاری بەکاربەر بە کڕین یان بەکارهێنانی کاڵا یان خزمەتگوزاری و، پێویستە ئەم زانیارییانە لە ڕێکلامدا بەڕوونی ئاماژەیان بۆ بکرێت.

5. بەپێی بڕگە (سێیەم) لە مادده (2)، لە کاتی بەکارهێنانی توێژینەوە زانستییەکان، پێویستە سەرچاوە بەکارهێنراوەکان، ئەکادیمی و پشتڕاستکراوە بن. لەم بارەیەوە ڕوون نییە چ جۆرە توێژینەوەیەکی زانستی مەبەستە؟ کێ بڕیار دەدات ئەم توێژینەوەیە زانستییە؟ کێ دەبێت ئەم توێژینەوەی ئەنجام دابێت؟ کێ بڕیار دەدات سەرچاوە بەکارهێنراوەکان ئەکادیمی و پشتڕاستکراوەن؟ ئایا هێنانی دکتۆرێکی پسپۆڕی ددان بۆ قسەکردن و نیشاندانی باشیی کواڵێتیی هەویری ددان (معجون الاسنان)ێک، بەسە بۆ ئەوەی بڵێین ئەم بڕگەیە هاتۆتە دی؟

6. بەپێی بڕگە (چوارەم) لە مادده (2)، ڕێکلامی بازرگانی لەسەر هۆیەکانی گواستنەوە بە ڕەزامەندیی خاوەنەکەی یان نوێنەری خاوەنی هۆیەکانی گواستنەوە، ئەنجام دەدرێت.

7. هەر لەم یاسایەدا ڕاددەی تیشکی ڕووناکیی سەر شاشەکانی ڕێکلامی ئەلیکترۆنیی سەر شەقامەکان دیاری کراوە، کە لە ڕۆژدا لە (5000) لۆکس (لومنز/ م2) زیاتر نەبێت و لە شەوانیشدا لە (200) لۆکس (لومنز/م2) زیاتر بێت. ئەمەیش پاڵپشتە بە بڕگە (پێنجەم) لە مادده (2). لای ئێمە ڕوون نییە ئەم پێوەرانە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی ژینگە، بە پێوەرە زانستییە باوەڕپێکراوەکان دانراوە یاخود نا؟

8. بەپێی بڕگە (شەشەم) لە مادده (2)، لەسەر ئامرازەکانی میدیا (وەک تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و تۆڕ و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپکراوی دیکە) پێویستە، ڕێکلامی هۆشیاریی نیشتمانی و ڕۆشنبیری و تەندروستی و هاتوچۆ و ئەو ڕێکلامانەی کە تایبەتن بە پاراستنی مافی مرۆڤ و ژنان، بێ بەرامبەر بڵاو بکەنەوە. پرسیار دەکەم تاوەکوو ئێستا دەزگە فەرمییە پەیوەندیدارەکان تا چەند سوودیان لەم بڕگە یاساییە بینیوە؟

9. بەپێی مادده (3)، نابێت ڕێکلامێکی بازرگانی بڵاو بکرێتەوە کە پێچەوانەی سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی و ئاسایشی گشتی و تەندروستیی گشتی و مافەکانی مرۆڤ بێت لە هەرێمی کوردستان. بە بۆچوونی ئێمە، لە نێوان ساڵانی (2019-2023) چەندان ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان بڵاو کراونەتەوە کە مەترسین لەسەر ئاسایشی خۆراک و نەتەوەیی و

کۆمەڵایەتیمان (هەروەک لە دواییدا قسەی لەسەر دەکەین)، کەچی ڕێکاری یاسایی پێویستیان لە بەرامبەردا نەگیراوەتە بەر.

10. بەپێی مادده (4)، هەموو ڕێکار و سزا و پێبژاردنەکان دیاری کراون کە لە ئەنجامی سەرپێچیکردنی یاسای ئاماژەپێکراو دەگیرێنە بەر یاخود دەسەپێندرێن. لە یاسای تریش ڕێکار و سزا و پێبژاردنی تر دەستنیشان کراون. بۆیە بابەتی سەپاندنی سزای پێویست، ڕەنگە لە بەردەم دادگەکاندا کێشەی پراکتیکیی لێ بکەوێتەوە.

## کاری ڕێکلام لە یاسای پاراستنی بەکاربەر

ئامانج لە بەرکارکردنی یاسای بەکاربەری عێراقی لە هەرێمی کوردستان، بریتی بووە لە دەستەبەرکردن (ضمان)ی مافەکانی بەکاربەر و، پاراستنی بەکاربەر لە هەموو ئەو فێڵ و چەواشەکارییانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە کاتی کڕین یان بەکارهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، هەروەها ڕێگریکردن لە هەموو ڕەفتارێك کە ببێتە هۆی چەواشەکردنی بەکاربەر. بێ گومان لەم یاسایەدا کۆمەڵە ڕەفتارێك دیاری کراوە کە پێویستە ڕێکلامکارەکان (المعلن) خۆیان لێی بەدوور بگرن، چونکە ڕەفتارێکە دەبێتە هۆی چەواشەکردنی بەکاربەر و لە کۆتاییشدا بەرپرسیارێتیی یاسایی دروست دەبێت بۆ قەرەبووکردنەوەی بەکاربەر لە بەرامبەر هەر زەرەر و زیانێك کە پێ بگات.

بەپێی بڕگە (حەوتەم) لە مادده (1) لە یاسای ئاماژەپێکراو، ڕێکلامکار هەموو کەسێکی سروشتی یان واتایی دەگرێتەوە کەوا ڕێکلام بۆ کاڵایەك یان خزمەتگوزارییەك دەکات، چ بە خۆی یان لە ڕێگەی کەسانی ترەوە؛ جا بەهەر ڕێگەیەك بێت. لەم بارەیەوە ڕێکلامکار مامەڵە لەگەڵ دابینکار (المجهز) دەکات و ڕێکلامیش بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی ناوبراو دەکات، بەڵام ڕێکلامەکانی ئاراستەی بەکاربەرەکان دەکات. هەر بەپێی بڕگە (شەشەم) لە هەمان مادده و یاسا، دابینکار (المجهز) هەموو کەسێکی سروشتی یان واتایی دەگرێتەوە کە بەرهەمهێنەر (منتج) بێت یان هەناردەکار (مصدر) یان هاوردەکار (مستورد) یان دابەشکار (موزع) یان فرۆشیاری کاڵا (بائع السلعة) یان پێشکەشکاری خزمەتگوزاری (مقدم الخدمة)، جا ئەو کەسە چ ڕەسەن (أصيل) بێت یان نێوەندگیر (وسيط) یان بریکار (وکيل)).

یاسای پاراستنی بەکاربەر لە مادده (7)دا چەند ئەرکێکی خستۆتە سەر شانی ڕێکلامکار کە پێویستە لە کاتی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ڕێکلامی بازرگانیدا پێوەی پابەند بێت و جێبەجێیان بکات؛ گرنگترینی ئەم ئەرکانە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. دڵنیابوون لە هەبوونی گشت زانیاریی پێویست و تایبەتمەندییەکان (مواسەفات) و پێکهاتەکان لەسەر ئەو کاڵایەی کە دەیەوێت ڕێکلامی بۆ بکات.
2. نابێت ڕێکلامێک دروست بکرێت یان بڵاو بکرێتەوە بۆ کاڵایەک یان خزمەتگوزارییەک کە تایبەتمەندییە پێوانەییە عێراقییەکان (المواصفات القياسية العراقية)ی تێدا نەبێت.
3. پێویستە ڕێکلامکار خاوەنی ناو و ناونیشانی بازرگانیی تایبەت بە خۆی بێت و لەلایەن دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانەوە تۆمار کرابێت.

هەر بەپێی مادده (9) لە هەمان یاسا، پێویستە ڕێکلامکار خۆی بەدوور بگرێت لە پیادەکردنی ئەم ڕەفتارانەی خوارەوە:

1. پیادەکردنی چەواشەکردن یان فێڵکردن یان شاردنەوەی ڕاستیی ئەو پێکهاتانەی کە کاڵا یان خزمەتگوزارییەکەی لێ پێك هاتووە.
2. ڕێکلامکردن بۆ کاڵایەك یان خزمەتگوزارییەك کە پێچەوانەی سیستەمی گشتی یاخود ئادابی گشتیی کۆمەڵگە بێت.
3. ڕێکلامکردن بۆ کاڵایەك کە لە بەرگی دەرەوەیدا بەڕوونی ئاماژە بە پێکهاتەکانی نەکرابێت، یاخود ئاگادارکردنەوەکان (تحذيرات)ی تێدا نەبێت، یاخود ڕێکەوتی بەرهەمهێنان و ئێکسپایەربوونی تێدا نەبێت.

بۆیە جێبەجێکردن و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، بە ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر سپێردراوە و ئەم ئەنجومەنەیش بەرپرسە لە داڕشتنی سیاسەتی گشتی و بەرنامەی کار بۆ پاراستنی مافی بەکاربەرەکان لە هەرێمی کوردستان و، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی بەکاربەرەکان بۆ مافەکانیان و چۆنێتیی پیادەکردنیان و، وەرگرتنی سکاڵای بەکاربەرەکان و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی پێویست لە دژی هەر دابینکارێك یان ڕێکلامکارێك کە مافەکانیان پێشێل بکات.

سەرەڕای گرنگیی ئەم دەزگە فەرمییە (ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر)، بەڵام تاوەکوو ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئەم ئەنجومەنە پێک نەهێنراوە و کارا نەبووە، بۆیە هەرچی پەیوەستە بە مافەکانی بەکاربەر و پابەندبوونی ڕێکلامکارەکان بە پێوەرەکانی ڕێکلامکردن، لە یاسای پاراستنی بەکاربەر بەناکارایی ماونەتەوە و نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنی فیعلی لە واقعدا.

## کاری ڕێکلام لە ڕێنماییی تایبەت بە کاری میدیایی

لەم دواییەدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (2115) لە ڕێکەوتی (25/04/2023)، ڕێنماییی ژمارە (1)ی ساڵی (2023) تایبەت بە کاری میدیاییی دەرکرد کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (305) لە ڕێکەوتی (23/05/2023) بڵاو کرایەوە. بەپێی مادده (15)ی ئەم ڕێنماییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە)، لایەنی سەرەکییە کە چاودێریی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە دەکات و، بۆ ئەم مەبەستەیش چەند لێژنەیەکی چاودێری و بەدواداچوون پێک هێنراوە.

لە هەردوو بڕگەی (یەکەم) و (سێیەم) لە مادده (16)ی ئەم ڕێنماییە، پێوەرە گشتییەکانی ڕێکلامی بازرگانی دیاری کراون کە بەم شێوەی خوارەوەن:

1. نابێت ماوەی ڕێکلام لە (10%)ی هیچ بەرنامەیەک و درامایەک زیاتر بێت.
2. پێویستە گرنگی بە کواڵێتی و جوانیی ڕێکلامەکە بدرێت و، نابێت ئاستی هونەری و تەکنیکیی نزم بێت.
3. پێویستە ڕێکلام، کاریگەریی نەرێنیی نەبێت لەسەر ئاشتەواییی خێزان و کۆمەڵگە و، پێویستە گوتاری نێو ڕێکلامەکان پاراو بن و لە چوارچێوەی نەریتی گشتی بن و جنێو و قسەی نەشیاویان تێدا نەبێت.
4. نابێ ڕێکلام بۆ کاڵایەک یان کۆمپانیایەک یان مۆڵ یان بازاڕێک و... لەسەر حیسابی شکاندن یان ناشرینکردنی کاڵایەک یان کۆمپانیایەک یان مۆڵ یان بازاڕێک و... تر بێ.

5. لە ڕێکلامدا نابێ سیمبولی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئایینی و شوێنە گشتییەکان و دامودەزگەی حکوومەت و ئەو جێگە و باڵەخانانەی کە مۆڵگی گشتین و شوێنە ئایینییەکان و ناوچە شوێنەواری و کەلوپوورییەکان بەکار بهێنرێت؛ هەروەها نابێت لە ڕێکلامدا مۆنۆمێنت و باخچە گشتییەکان بەبێ ڕەزامەندیی لایەنی پەیوەندیدار بەکار بهێنرێت.
6. نابێ لۆگۆی هیچ کاڵایەک یان کۆمپانیا و... بەکار بهێنرێ کە ئاماژەی جیاکاریی نەتەوەیی و ئایینی و ڕەگەزیی تێدا بێت، یان ئاماژە بۆ ئەم جیاکارییانە لە دەق و وێنە و نواندنی ڕێکلامەکەدا هەبێ.

هەروەها لە بڕگەکانی (دووەم) و (چوارەم) و (پێنجەم) لە مادده (16)ی ئەم ڕێنماییە، ئەو ڕێکلامانە دیاری کراون کە ڕێگە بە بڵاوکردنەوەیان نادرێت و، ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیانن:

1. ناکرێت ڕێکلام بۆ بەرهەمێک بکرێت کە بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان ڕێگە بە بەرهەمهێنان یان بازرگانیپێکردن یان هاوردەکردنیان نەدراوە، یاخود ئەم بەرهەمانە بە "کواڵێتی کۆنترۆڵ"دا تێپەڕ نەبووبن.
2. ئابڕوو و ناوبانگی پیشەیی کەس، یان توێژێک بزڕێنێت، یان لە ڕێگەی بەراوردی نادروستەوە لە نرخی بەرهەمەکانی خەڵکانی تر کەم بکاتەوە.
3. ببێتە هۆی ڕوودانی کردەیەک یان کۆمەڵێک کردە لە دژی یاسا و ڕێنماییەکانی هەرێم.
4. ئەو پڕۆژانەی کاریگەریی خراپیان لەسەر ژینگە هەیە و، ناکۆکن لەگەڵ یاسا و ڕێنماییەکانی دەستەی ژینگە لە هەرێم.
5. بەکارهێنانی سیمبول و سروودی نیشتمانی.
6. تێکدانی ئاشتەوایی لە نێوان پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان.
7. سووکایەتیکردن بە ئایینەکان و ئەدەب و هونەر و پرسە نەتەوایەتییەکان لە هەرێم.
8. پێشێلی مافی خاوەندارێتیی داهێنان و هزری بکات.
9. بانگەشە بۆ جیاکاریی ڕەگەزی (جێندەری) بکات.
10. بەرهەمی نێوخۆیی، بە خراپ و بێکەڵک ناو ببات.
11. بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی و، پیشاندانی دیمەنی توندوتیژی.
12. بێڕێزی بەرامبەر سەرپەرشتیارانی منداڵان.
13. ناشرینکردنی جلوبەرگی کوردی و جلوبەرگی نەتەوەکانی دیکەی کوردستان.
14. ڕێکلامکردن بۆ نێرگەلە و جگەرە و خواردنەوە کحولییەکان و ماددەی هۆشبەر یان ئەو مادانەی هەمان کاریگەریی ماددەی هۆشبەریان هەیە.
15. ناکرێت ڕێکلام لە بواری تەندروستی و دەرمان بکرێت بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی نووسراو و پێشوەختەی وەزارەتی تەندروستی.
16. ناوهێنانی ناوەندێک، یان دەزگەیەکی زانستی بۆ یەکلاییکردنەوەی باشیی کاڵاکە، بەبێ ئەوەی لەلایەن سەرچاوەیەکی فەرمی، پشتگیری کرابێت و ڕەزامەندیی ناوەندەکە وەرگیرابێت.
17. ناوەڕۆکی ڕێکلامەکە، چ بە نووسین یان بە وێنە، ئاماژە بە ئازاردانی ئاژەڵان بکات.
18. بەکارهێنانی مرۆڤ وەک کاڵا لە ڕێکلامدا.
19. پۆڕنۆ و کاری لەشفرۆشی و نیشاندانی جەستە بە مەبەستی وورووژاندن.

20. بەکارهێنانی ئاوازی فۆلکلۆری و گۆرانی و بەرهەمی دیکەی هونەرمەندان (وەک پارچە موزک یان تابلۆ یان گرتەیەک لە دراما و فیلم و شانۆ و...) لە کاری ڕێکلام بەبێ ڕەزامەندیی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و خودی هونەرمەندەکە، یان میراتگرانی.

**لە بواری ڕێکلامکردن، چی لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێت؟**

هەرێمی کوردستان پڕیەتی لە ڕێسا و یاسای جوان و مانابەخش و بریقەدار، بەڵام کە دێینە سەر بواری جێبەجێکردنی ئەم ڕێسا و یاسایانە، دەبینین یان جێبەجێ ناکرێن یان بەشێکی جێبەجێ دەکرێن یان وەکخۆیان جێبەجێ ناکرێن و لە ماناکەی بەتاڵ کراونەتەوە یان ماوەیەک جێبەجێ کراون و لە دواییدا پشتگوێ خراون یان لە شوێنێک جێبەجێ دەکرێن و لە شوێنی تر جێبەجێکردنی پشتگوێ خراوە. بێ گومان وڵات و نیشتمان بەم شێوەیە نە بونیاد دەنرێت و نە پێش دەکەوێت.

هۆکاری سەرەکیی جێبەجێنەکردنی ڕێسا و یاساکان، بۆ نەبوونی بەدواداچوونی بەردەوام دەگەڕێتەوە، چونکە لەسەر کەسەکانی نێو کۆمەڵگە پێویستە یاساکان جێبەجێ بکەن و لەسەر دەزگە فەرمییەکانیش پێویستە بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی یاساکان بکەن بۆ دڵنیابوونەوە لە جێبەجێکردن. هەر کاتێک دەزگە فەرمییەکان لە چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاساکان نەرمییان نواند، ئەوا بێ گومان پەتی جێبەجێکردنی یاساکان هێندە شل دەبێتەوە کە هەموو کەسێک لە توانایدا دەبێت پەتی یاسا بۆ خۆی ڕابکێشێت و ئاڕاستەکەی بگۆڕێت.

هەموو ئەو ڕێسا و یاسایانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێی داوە و تایبەتن بە ڕێکخستنی کاری ڕێکلامکردن لە هەرێمی کوردستان ڕێسا و یاسای جوانن، بەڵام پرسیاری سەرەکی و بەردەوامی ئێمە ئەوەیە: چەندی لێ جێبەجێ کراوە؟ دەتوانین کاری ڕێکلام لە هەرێمی کوردستان، بکەین بە سێ بەشی سەرەکییەوە: **یەکەمیان** ئەو ڕێکلامانەیە کە بە نووسین ئەنجام دەدرێن و لە دیوار و تابلۆکان هەڵدەواسرێن یان بە نامەی ئەلیکترۆنی ڕەوانە دەکرێن. **دووەمیان** ئەو ڕێکلامە دەنگییانەیە کە لە ڕادیۆکان بڵاو دەکرێنەوە. **سێیەمیان** ئەو ڕێکلامانەیە کە بە ڤیدیۆ دەگیرێن و لە تەلەڤزیۆن و پەیجە ئەلیکترۆنییەکان بڵاو دەکرێنەوە. لەم بارەیەوە، تا ڕاددەیەکی زۆر تێبینی لەسەر ئەو ڕێکلامە بازرگانییانە هەیە کە بە ڤیدیۆ گیراون و بڵاو کراونەتەوە، چونکە هەندێ لەو ڕێکلامانە لە ڕووی ناوەڕۆک و تەکنیک و نمایشەوە ئاستیان یەکجار نزمە و پێچەوانەی ڕێسا و یاساکانی تایبەت بە کاری ڕێکلامن. بۆیە بەپێویستی دەزانین تیشک بخەینە سەر هەندێ نموونە لەم جۆرە ڕێکلامە ئاستنزمانە، وەک بەڵگەیەک بۆ جێبەجێنەکردنی ڕێسا و یاساکانی ڕێکلام لە هەرێمی کوردستان:

- لە ڕێکلامێکدا چەند تاکێکی کوردستانی بە جلی کوردییەوە لە یەکێک لە گوندەکانی کوردستان بە شێوەیەکی ناشرین و گاڵتەجارییانە ڕادەکەن و خۆیان بەیەکدا دەکێشن و دەکەونە سەر زەوی و جلی کوردییەکەیان بە تۆز دەبێت و، هەموو ئەو نمایشە بێبەهایە و خۆبەکەمزانینە بۆ ئەوەیە ماستێکی ئێرانی بکڕن، کە هاتۆتە گوندەکەیان. ئەو ڕێکلامە پەیامێکی ئابووریی یەکجار مەترسیداری تێدایە لە دژی هەرێم و، کەمکردنەوەیە لە شکۆی تاکی کوردستانی و، سووکایەتیکردنە بە جلی کوردی و، نیشاندانی پێویستبوونی گەلی کوردستانە بە کاڵا و بەرهەمی

ئێرانی و، لێدانە لە بەرهەمی خۆماڵی و، تەمبەڵکردنی تاکی کوردستانییە کە پشت بە خۆی نەبەستێت.

- لە ڕێکلامێکی تردا، تاکێکی کوردستانی بە جلوبەرگی کوردییەوە لە یەکێک لە گوندەکانی کوردستان شیری ئاژەڵێک دەدۆشێ بۆ ئەوەی ماستی لێ دروست بکات و، لە پڕێکدا کەسێکی لێ پەیدا دەبێت و جلوبەرگی کوردیی جوانتر و پۆشتەتری لەبەردایە و پێی دەڵێت "کەی مۆدێلی دۆشینی ئاژەڵی خۆماڵی مایە بۆ ئەوەی ماستی لێ دروست بکەی؟ بڕۆ ماستی ........ بکڕە و حازرە و بێ ماندووبوونە و زۆر باشترە و زۆر بەتامترە." ئەمەیشیان ڕێکلامێکە بۆ ماستێکی ئێرانی. ئەم جۆرە ڕێکلامانە، لێدانە لە ئابووریی تاک و خێزان و کۆمەڵگە و هەرێم، هەروەها پەیامێکی یەکجار مەترسیدارە کە هانی تاکی کوردستانی دەدات واز لە خواردنی بەرهەمی دەستی خۆی بهێنێت و پشت بە بەرهەمی ئێرانی ببەستێت.
- لە ڕێکلامێکی تردا ئافرەت وەک ئاژەڵی مانگا نیشان دەدات و، بگرە ئاماژەیشی تێدایە بۆ ئەوەی ئافرەت لەش و لاری تێک نەچێت، دەبێت شیری خۆی نەدات بە منداڵەکەی. بە دیدی ئێمە ئەم ڕێکلامە لە بەهای ئافرەت و گرنگیی شیری دایک بۆ گەشەی منداڵەکەی کەم دەکاتەوە و، دەبوایە هەمووان بێنە دەنگ بۆ ڕێگریکردن لەم جۆرە ڕێکلامانە؛ ئەمەیش لە کاتێکدایە لە وڵاتی کۆریای باشوور لەسەر وێناکردنی ئافرەت وەک ئاژەڵی مانگا، کۆمپانیای شیرەمەنیی "سول میلك" بە پێبژاردن سزا درا، هەروەهاکۆمپانیای دایک کە خاوەنی کۆمپانیا سەرپێچیکارەکەیە و ناوی "سول دیری کوبیراتیف"ە، ناچار کرا کە داوای لێبووردن بڵاو بکاتەوە لەبەر ئەوەی ڕێکلامەکەی بێڕێزیی تێدا بووە بۆ چینی ئافرەتان[2].
- لە دوو ڕێکلامی جیا کە بۆ دوو برنجی جیاواز کراوە، ڕەفتاری ڕفاندن ئەنجام دەدرێت. لە یەکێکیان ڕفاندنەکە هیچی لێ بەرهەم نایەت، بەڵام لەوەی تر ڕفاندنەکە ئەنجامی باشی لێ دەکەوێتەوە و پێمان نیشان دەدەن ئەگەر ڕفاندنەکە نەبوایە، نهێنیی برنجەکە ئاشکرا نەدەبوو. بێ گومان بەپێی ماددەکانی (421–427) لە یاسای سزادانی عێراقی، ڕەفتاری ڕفاندن تاوانە و سزای بۆ دەستنیشان کراوە و، نیشاندانی ئەو ڕەفتارە لە ڕێکلامدا پێچەوانەی یاسا بەرکارەکانە و، بگرە ڕێکلامیشە بۆ ڕەفتاری ڕفاندن.
- لە ڕێکلامێکدا پیاوێک کە جلوبەرگی کوردیی لەبەردایە، لە ئافرەتەکەی خۆی دەدات و توندوتیژی لە بەرامبەردا ئەنجام دەدات، لەبەر ئەوەی ئاوی تەماتە لە تەماتەی خۆماڵی دروست دەکات. دراوسێیەکەی دێتە ژوورەوە و بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکات پێیان دەڵێت "کەی مۆدێلی ئەوە ماوە ئاوی تەماتە لە ماڵ دروست بکەی؟ بڕۆ ئاوی تەماتەی ...... بکڕە چونکە باشترە و بەتامترە و ئەو سەرئێشەی ناوێت." ئەمەیش ڕێکلامێکە بۆ جۆرێک لە ئاوی تەماتەی تورکی و، لێدانە لە ئابووریی هەرێم و، تەمبەڵکردنی تاکی کوردستانییە.
- لە ڕێکلامێکدا دوو دراوسێ کە جلوبەرگی کوردییان لەبەردایە، لەسەر شەربەتێکی تورکی دەبێتە شەڕیان و تێر جوێن بە یەکتر دەدەن، لە پاشاندا هەر ئەو شەربەتە تورکییە دەبێتە هۆی پێکهێنانەوەیان و، لە کۆتاییی ڕێکلامەکە پێکەوە بەدڵخۆشی شەربەتەکە دەخۆنەوە. ئاخۆ دەبێ چ پەیامێکی شاراوە لە پشت ئەم ڕێکلامە بێئاستە بێت؟
- لە ڕێکلامێکدا کە بۆ خواردنی سەروپێ لە چێشتخانەیەکی عەرەبی لە هەولێر کراوە، پیاوێک بە جلوبەرگی کوردییەوە نیشان دەدات و بە عەرەبییەکی سەقەت و گاڵتەجاڕییەوە قسە دەکات و

شێوەی دەموچاوی و جووڵەی زمانی بە شێوەیەک نیشان دەدات کە میللەتی کورد مرۆڤی برسی و تێنین و دونیانەدیتەن! نەک هەر ئەم ڕێکلامە، بەڵکوو بە دەیان ڕێکلام لە کوردستان بڵاو کراوەتەوە و تیایدا تاکی کوردستانی، کە جلوبەرکی کوردییان لەبەردایە، وەک برسی و تێنی نیشان دەدەن.

- لە ڕێکلامێکی تردا، خێزانێکی کوردستانی نیشان دەدات کە ژن و مێردێکن و گفتوگۆ لەگەڵ یەک دەکەن و، گفتوگۆکەیان هێندە ئاستنزمە کە پڕیەتی لە بێمتمانەیی و درۆکردن و خۆبەزلزانین و سەختەچیاتی و، بگرە لە دیمەنێکدا سەرپێچیی یاسای کاری عێراقییشی تێدایە، چونکە کرێکار (کە مێردەکەیە لە ڕێکلامەکە) بە شێوەیەکی یەکجار ناشرین لە کارەکەیدا دەردەکرێت. ئەم ڕێکلامە بۆ مادده وزەبەخشەکانە و پەیامی ئەوەی تێدایە پیاوی کورد هێندە بێهێزە، دەکرێت بەم جۆرە مادده وزەبەخشانە بەهێز ببێت.
- لە نموونەیەکی تری ڕێکلامدا، خێزانێکی کوردی بە جلوبەرگی کوردی نیشان دەدات؛ تیایدا لە کاتی پەردەبەستندا خەزووری زاواکە بەردەبێتەوە و ئازاری پێ دەگات و لە ڕێگەی گەیاندن، زاواکە بەگاڵتەجاڕییەوە سووکایەتی بە خەزوورەکەی دەکات و لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل و گەیاندنی بۆ دوکانی پەردەفرۆش، سەرپێچیی چەندان ڕێنمایی هاتوچۆ دەکەن. ئەم هەموو گاڵەجاڕییە و خۆبەکەمزانینە، ڕێکلامێکە بۆ پەردەیەکی تورکی!
- لە ڕێکلامێکی تردا زاوا و خەزوور لەسەر شێوازی ئاهەنگێڕان بەشەڕ دێن و چەندان دیمەنی توندوتیژیی تێدایە و لە کۆتایی ڕێکلامەکەیش برنجێکی هیندی کۆیان دەکاتەوە و دەبێتە هۆکاری ئاشتبوونەوەیان و ئیدی ئاهەنگ دەگێڕن.

لەم سۆنگەیەوە دەپرسم: ئەم ڕێکلامانە بە هەر کەسێکی بیانیی پسپۆڕ لە بواری ڕێکلامدا نیشان بدرێت، ئاخۆ چ بۆچوونێکی نێگەتیڤی لەسەر تاک و کۆمەڵگەی کوردستانی دەبێت؟! بەداخەوە ئەم چەند نموونەی سەرەوە و چەندانی تریش کە بەبەردەوامی لە تەلەڤزیۆن و پەیجە ئەلیکترۆنییەکان پەخش دەکرێن، کارەساتێکی نەتەوەیی گەورەیە و، پێویستە بە زووترین کات ڕابگیرێت و سنووردار بکرێت.

## کۆبەند

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێی دا، ڕێکلامی بازرگانی بە گرنگترین ئامراز و ڕێگە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەم و کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە جیهاندا هەژمار دەکرێت و، لەم ڕێگەیەوە بازرگانەکان دەگەن بە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە بەکاربەران لە هەر شوێنێکی جیهاندا بن. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، ناکرێت ڕێکلامی بازرگانی ببێتە ئامرازێک بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و خۆبەکەمزانینی تاک و ناشرینکردنی کۆمەڵگە و خراپ نیشاندانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لێدان لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی نیشتمان و خزمەتکردن بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بێگانە و هتد.

ئەوەی لە بواری ڕێکلامی بازرگانیدا لە کوردستان دەگوزەرێت، مایەی نیگەرانییە و، پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لەسەری بوەستێت و هەوڵ و هەنگاو بنرێت بۆ ڕاستکردنەوەی لارییەکان و باشترکردنی کوالێتیی ڕێکلامەکان لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ئەوەی پەیامی ڕێکلام ڕوون و ڕاستگۆیانە بێت و، ببێتە دروستکردنی پردی متمانە لە نێوان بەکاربەرەکان و بەرهەم و کاڵا و خزمەتگوزارییە خۆماڵییەکان و، هەروەها خزمەت بە خاک و نیشتمان و تاک و کۆمەڵگەی کوردستانی بکات و، نەبێتە مایەی

چەواشەکردن و فێڵکردن و لەناوبردنی متمانە لە بازاڕدا و، وێنەیەکی جوان نیشانی دەرەوەی هەرێم بدات؛ چونکە بە بۆچوونی ئێمە ڕێکلامی بازرگانی یەکێکە لە پێوەرەکانی نیشاندانی ئاستی ڕۆشنبیری تاک و کۆمەڵگە و شار و نەتەوە و هتد. بۆیە هەرچەند ڕێکلامە بازرگانییەکان کواڵێتییان بەرز بێت و پەیامەکەیان ڕوون و بونیادنەر بێت، ئەوا ئەو کۆمەڵگە، یان ئەو شارە، یان ئەو نەتەوەیەی کە ڕێکلامە بازرگانییەکەی لێ بەرهەم هاتووە، ئاستی ڕۆشنبیریی بەرزە و، پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە.

بەپێی بڕگە (ج) لە مادده (17) لە ڕێنمایی ژمارە (1)ی ساڵی (2023) تایبەت بە کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان، ماوەی 3 (سێ) مانگ بۆ دەزگەکانی میدیای بیستراو و بینراو و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمپانیاکانی ڕێکلام دیاری کراوە بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بگونجێنن؛ بەپێچەوانەوە ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە. لێرەدا هیوادارم وەزارەتی ڕۆشنبیری، تا کۆتایی چاودێریی ئەم پرۆسەیە بکات و وازی لێ نەهێنێت و، بگرە پێداچوونەوەیش بە هەموو ئەو ڕێکلامانە بکات کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە بڵاو کراونەتەوە بۆ ئەوەی ئامانج لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە بێتە دی و، ڕێکلامە بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان دوور بن لە خۆبەکەمزانین و سووکایەتیکردن و لێدان لە ئابووریی هەرێم و توندوتیژیی خێزانی و خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی بێگانە!

[1] لەم بەشەدا سوود لەو بۆچوون و پێشنیارە پڕبەهایانە وەرگیراوە کە لە توێژینەوەیەک ئاماژەیان بۆ کراوە بە ناونیشانی "ملاحظات نقدية بشأن قانون تنظيم الإعلان التجاري في إقليم كوردستان_العراق رقم 4 لسنة 2019" کە لە نووسینی هەر یەک لە بەڕێزان (د.عدنان باقي لطيف – د.بختيار صديق رحيم – م.ئاوێستا برهان محمود) و لە ژمارە (2)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (2021) لە گۆڤاری "درسات قانونية و سياسية" لە لاپەڕەکانی (165–213) بڵاو کراوەتەوە کە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سلێمانی دەری دەکات و لەم لینکەی خوارەوە بەردەستە:

10205 – Journal of Legal and Political Studies (google.com)

[2] دیتەیل لەم دوو لینکەی خوارەوە بەردەستە:

شركة ألبان في كوريا الجنوبية تعتذر إثر إعلان يصور النساء كأبقار - BBC News عربي

إعلان تجاري لشركة حليب في كوريا الجنوبية يثير الغضب على مواقع التواصل - YouTube